www.kurdistannet.org
21-2-2006 11:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لافاوی عومەر فەتاح و ڕمانی گۆماوی چەق چەق ... بەشی یەکەم ... کونجرینی

بەقودرەتی خوا باران دایکرد. هێواش هێواش دڵۆپ دڵۆپ دەستی پێ کرد. هێشتا ڕامان و چرپە چرپ نەگەیشتبۆوە سنورێك، هەموو بازارو کوچەو کۆڵانەکان شڵەژان. لەپرتاو لەشەقامی کاوە هاوار هەستا، یەکێك لەبن دارێکەوە توند درەختەکەی لەئامێز گرتبوو، شارخرۆشا. دوکان و بازار هەندێکی داخراو چەند دوکانێك خاوەنەکەی هێندە گیانی ماڵ و منالّی خۆش ئەویست، هەموو شتێکی لەبیر بردبۆوە، تەنانەت سەریان، نەئەپەرژا دوکانەکانیان دابخەن. خاڵە حەمە ئەو پیاوە پیرە بوو کە بەدارێکی شەقامی کاوەوە خۆی گرتبۆوە. مەرگ دەیوست بیگەیەنێتە دوا هەوارگەی ژیانی کورەکانی، بەلاّم ئەم شەڕی لەگەڵ مەرگدا دەکرد، ئەم هەولّی ئەدا نەك بۆ ئەوەی درێژە بەژیان بدات، بەڵکوو بیری لەوە دەکردەوە کە کێ پاش مردنی سەرپەرشتی خێزانەکەی بێت. هەر ئەم خاڵە حەمە بوو کاتێك کوڕەکەی پێشمەرگە بوو بەو هەموو نەبوونی یەوەی، دێهات بەدێهات، بەکۆڵە پڕەکەیەوە دەگەڕا بۆ ئەوەی سەردانی کوڕە پێشمەرگەکانی بکات و هەم هەندێك پارەو پۆشاکیان بۆ بەرێت. خاڵە حەمە لە ڕۆژانی سەختی شۆڕشدا لە کۆڵانەکانی سلێمانی تەماتەو سەوزەی ئەفرۆشت، پارووی لەدەمی منالّەکانی تری ئەگرتەوەو ڕۆژانە بەپێی پێویست ئەی خستە ناو سنوقێکەوە، کەزیادی بکردایە، پاش ئەوەی نوێژی بەیانی ئەکرد، هاوارێکی بۆ خوا ئەکرد، خۆی بە خوا ئەسپاردو ملی ڕێگای ئەگرد، بەدەم ڕێگاوە خەیاڵەکان هۆشی لە جەستەی دادەبڕی و زۆر شتی لێك دەدایەوە، بەدەم ڕێگاوە دەی ووت، من ئەم پارەیە دەبەم بەڵکو بیدەن بەگولەیەك ئاڕبیجی و چەند گوللە کلاشینکۆفێك، تا سنگی داگیرکەرانی باش پێ بکوتن. چەند جارێك بەدەم ڕێگاوە دەستە ماندووەکانی ڕادەچڵەکاند وەك کەسێکی سەرکردە کە سەرپەرشتی هێزێکی هێرش بەر بۆ سەر پایەگاو دەزگاکانی دوژمن بکات!. بەدەم خۆشیەوە، خەندە دای ئەگرت تورەبوون هەموو لەشی گرژئەکرد، دەی بەقوربانتان بم لێ یان دەن، بیان کوژن، ئەمانە داگیرکەرو دوژمنی ئەم گەلەن وسەروەتی کوردستان بەتالاّن ئەبەن، ئەمانە گەر هەبن شەرەف و ناموسمان لەدەست دەدەن.

ڕزگاری کوردستان و ئازادی بۆ مرۆڤەکانی، هیوایەك بوو بۆ خاڵە حەمە... ئەوتەنها دووکوڕو سێ کچی هەبوو هێندە هیواو ئاواتی بە یەکێتی و شۆڕش بوو، ئەگەر چەند کوڕێکی تریشی هەبوایە ئامادە بوو، بیکاتە فیدای کوردستان.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت دووژمن کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە، کورد هەڵەکانی دوژمنی قۆستەوە، ڕاپەڕین ڕویدا، کورد لەو کارەساتەی لەپێش ئەنفال و دوای ئەنفال بەسەری هات بوو، ڕزگاری بوو. خاڵەحەمە یەکێك بوو لەو کەسانەی بەکردار پێشڕەوایەتی ڕاپەڕینی ئەکرد، ئەم پاش سەرکەوتن لەڕاپەڕیندا، بیرو بۆچونی بەپێ ی سەردەم گۆڕا، دەیوت پێویستە ئیتر، بەبەرگی پێشمەرگایەتی یەوە، نمونەی داهێنەرو زاناو وەستایەکی پەروەردەیی بین، لەناو کۆڕوکۆمەڵدا دەیووت، خۆزگە هەموو شتێك کەپاشماوەی (سەدامە) لەکودستان بوونی نەمایە، دەستورێك کەپڕبێت لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، خوێندنێك کە بەبنەمایەکی زانستیانەو بنیاتنەر بۆ ئایندە، جێگای ئەو پەروەردە سەقەتەی ئێستای بگرتایەوە. ئاوەدانی هەموو بستە زەویەکی کوردستانی داپۆشیایە، لەپێشەوە گوندەکان

چونکە خۆراکی ئەو درەختەبوون کە ئازادی گەلیان لێ نابوو، سەرکردایەتی کورد بەرگی دووبەرەکی و توندوو تیژیان فڕێ دایە، هەنگاویان بۆ کارە شیاوە سیاسی و دیبلۆماسیەکان بهاویشتایە. گۆڕان بەگۆڕان تا ئەگەیشتینە خەونی کوردان... دروشمی گەورەو پچوکمان بوایە.

خاڵە حەمە کابرایەکی کەم خوێنەوار بوو، بەڵام بیرێکی گەش، هەگبەیەکی پڕ لەبۆچوون و پیلان، منی هەموو ڕۆژ بۆ بەردەمی خۆیی ڕائەکێشا. کاتێك بیرکردنەوە ژیانمی ڕوەو هەندەران فڕاند، خاڵەحەمە وەك کەسێکی نزیك، لەبیرو هۆشی مندا وون نەئەبوو، نامەگۆڕینەوە خۆشەویستیەکانی من و ئەوی پتەو ئەکرد.

هیواو هێمن دووکوڕی ئازیزو خۆشەویستی ئەو بوون، هیوا کوڕێکی چاو گەش، باڵابەرز دەم بەخەندە، ئازا زیرەك ڕەفتار جوان، داوێن پاك، بەبیروهۆش، کوردپەروەر، خۆشەویست وخۆگونجێنەر لەناو هەڤاڵ و برادەرەکانی دا. فەرماندەیەك کە داهاتویەکی گەشی لێ ڕەچاو دەکرا. هیوا لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە تا پێنجی ناوەندی بەپلەیەکی باش بێ وەستان خوێندنی بڕی. کەگەیشتە پێنجی ئامادەیی، وەك دەیان لاوی ئەوسەردەمە ڕاپێچی زیندان کران، ئەم خوشەویستی بۆ نیشتمان و هەستکردن بەژێردەستەیی، ڕاپێچی ناو خەباتی کرد، ئەم پەیامی سەروەی لەدایکی نیشتمان وەرگرت و دەیویست بیگەیەنێتە ئامانج، زۆرلەکۆسپەکانی بڕی، بەڵام بای ئەجەل بەردەوامی ژیانی بۆ نەڕەخسان تا ئازادی کوردستان بەدیدەی ببینێ.

هێمن برای کاکە هیوای بوو، کاتێك کە هیوای بەدایکی نیشتمان سپارد. کاکە هێمن ئاڵاکەو پەیامەکەی هیوای براشی لەئەستۆگرد. داگیرکران تەراتێنیان لەسەرخاکی نیشتمان ئەکرد. پیاوی بەهەستی ڕائەچڵەکاند. کورد بوو بەدوو بەشەوە، زۆرینەی کورد بەناچاری کڕنوش بەربوون، ژیانیان لەنیشتمان خۆشەویست تر بوو لەلا، بەرگری کردن لەنیشتمان هندکێك لەئەستۆیان گرتبوو، ئەوەی لەشی خۆیی لەنیشتمان پێ بەرزتر بوو ئەوا بەوەرەقەیەکی خەفیفە وەك ماستی مەیوی لێ هاتبوو، لەبەرامبەر زوڵمەکانی داگیرکەران. یا بە فەرمی بەشدار بوو لەهەموو ئەو تاوانانەی کەدوژمن بە شەرەفی کوردیان ئەکرد، یا هاتبۆوە گوندێك، وەك هاڵاتویەك لەژێرسێبەری شۆڕشدا چوار مشقی لێی دانیشت بوون. لەو سەروەختانەدا، جاشایەتی خەریك ئەبوو دەبووە سەربەرزی وپێشبڕکێ بۆفرۆشتنی نیشتمان، کێ ڕۆڵەکانی نیشتمانی باش بکوشتایە، کێ بیتوانایە بستێك زەوی ئازادکراوی بەدوژمن ببەخشایە، ئەوە خۆهەڵکێش و لوتبەرزی سەرجادەو کۆڵانەکانی نیشتمان بوو. ئەوانەی کوڕەکانیان بەڕاستی بۆ خەڵاتکردنی نیشتمان پەروەردە کردبوو، بەپەنجەی دەست هەژمار دەکران. هێزی پێشمەرگە لەچاو جاش و بەکرێ گرتەدا نێوانیان ئاسمان و ڕێسمان بوو، دوژمن خاوەن دەیان تیپی گەورەو پڕ چەکی مۆدرێن بوون. ئەم هەموو جیاوازی یە بڵانسی هێزەکانی لاسەنگ کردبوو. کورد تەنهاو تەنها بەهێزێکی لە بێژەنگ دراوی گەلی هەبوو، پێشمەرگە هێزێکی کەم و ژمارەیەکی بەدەیان جار نابەرابەر لەبەرامبەر دوژمن بوون، دوژمن و بەرەی خیانەتکار بەورەیەکی بەزیوو! بەڵام، هێزی پێشمەرگەش بە باوەڕێکی پۆڵاییینەوە، کەببوە ڕاگرتنی بڵانسی شەرگەکان.

کاك هێمن هێندە نەبوو تەرمی برا شۆڕشگێرو ئازیزەکەی خۆی کردبووە خەڵاتی نیشتمان، هێشتا بەرگی خامی سپی کەپۆشی بووی بەڕەگی گوڵاڵە سورەی بەهار ڕوەو زەرد هەڵنەگەڕا بوو، هێشتا دایکی جەرگ بڕاوی، ئازادی کوردستان نەبوەحەکیم بۆ سارێژکردنی برینانی. شەرەف فرۆشانی گەل، ئەوانەی بەزۆڵی لەدایك بوون بەزۆڵی بەسەرخاکی

نیشتماندا ژیان بەڕێ دەکەن. ئەوانەی دوێنێ هەتا ئێستاش پۆستاڵێکی دوژمنی کورد لەهاوسەنگی تەرازوی کوردا هاوکێش ئەکەن. ئەوانەی دوێنی کوڕی وەك کاکە هێمنیان شەهیدکردوو تەرمەکەیان بەدوای ئۆتۆمبیلدا ڕائەکێشا، ئێستا بەداخەوە، سەد جار بەداخەوە لەباوەشی ئەم حزب و ئەو حزبدا ئەسپی خۆیان تاو دەدەن و سوکایەتی بەمقەدەساتی کوردوو شەهیدانی کوردستان ئەکەن، کە زۆر لە بنەماڵەی شەهیدان لەپێشتروو، باری ژیانیان باشترە.

کونـــــــجرینی
2006 .02 .20
kuncrini@yahoo. de